# ئیمان

## بۆ هەمووان

عەقیدە #٠

احمد کوردی

١١/ ٦/ ٢٠٢٠

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على رسول الله الأمين

مُحَمَّد وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد

فَاعلَم أَنَّهُ لا إِلهَ إلا الله

# ئیمان چییە؟

**ئیمان باوەڕهێنان و بەڕاستدانانی هەموو قسەیەکی خوا و پێغەمبەرە بەبێ دوودڵی.**

# ڕوکنەکانی ئیمان چین؟

**ڕوکنەکانی ئیمان شەشن:**

١. **باوەڕهێنان بە خوا.**

٢. **باوەڕهێنان بە فریشتەکانی.**

٣. **باوەڕهێنان بە کتێبەکانی.**

٤. **باوەڕهێنان بە پێغەمبەرەکانی.**

٥. **باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی.**

٦. **باوەڕهێنان بە قەدەر.**

# لق و پۆپەکانی ئیمان چەندن؟

لق و پۆپەکانی ئیمان زیاترن لە شەست دانە.

باشترینیان وتنی لا ئیلاهە ئیلەڵایە، وە نزمترینیان لابردنی نارەحەتییە لەسەر ڕێگا، وە شەرم لقێکە لە ئیمان.

# ئیسلام چییە؟

تەسلیم بوونە بە خوا وە ملکەچ بوونە بۆی بە گوێرایەڵی کردنی. وە دوورکەوتنەوە و بەری بوونە لە کوفر و کافران.

# ڕوکنەکانی ئیسلام چین؟

ئیسلام پێنج ڕوکنی هەیە:

١. شایەتمان هێنان: لا اله الا الله محمد رسول الله.

٢. نوێژکردن.

٣. زەکاتدان.

٤. حەجی ماڵی خوا.

٥. ڕۆژووی ڕەمەزان.

# ناوەکانی خوا چین؟

ناوەکانی خوا جوان و بەرز و چاکن، وە خۆی لەخۆی ناون و ئێمەش بەو ناوانە بانگی ئەکەین و لێی ئەپاڕێینەوە پێیان.

**لە ناوەکانی خوا:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| الله | الرَّحمن | الرَّحيم | المَلِك | القُدّوس | السَّلام |
| المُؤمِن | المُهَيمِن | العَزيز | الجَبّار | المُتَكَبِّر | الصَّمَد |
| الخالِق | البارِئ | المُصَوِّر | الغَفّار | القَهّار | الوَهّاب |
| الخَلاّق | الرَّزّاق | الفَتّاح | العَليم | الحَليم | الحَكيم |
| الواسِع | العَظيم | الحَيّ | القَيّوم | الوَليّ | الحَميد |
| اللَّطيف | الخَبير | العَليّ | الكَبير | السَّميع | البَصير |
| الأوَّل | الآخِر | الظّاهِر | الباطِن | البَرّ | الوَدود |
| الكَريم | الغَفور | الواحِد | المُتَعال | الغَنيّ | الأكرَم |

# خوایەتی چییە؟

**خوایەتی ئەوەیە کە باوەڕمان وابێت کە:**

1. **خوا دروستی کردووین و ڕزقمان ئەدات.**
2. **خوای گەورە لە ئاسمانە.**
3. **خوای گەورە بەرزە و لە سەروو عەرشی خۆیەتی.**
4. **خوای گەورە لە مەخلوقەکان ناچێت.**
5. **لە دنیا خوای گەورە نابینین، وە لە قیامەت و بەهەشتدا ئەیبینین.**

# تەوحید چییە؟

**تەوحید ئەوەیە بزانین کە یەك خوا هەیە، وە تەنها ئەو بپەرستین، وە شەریکی بۆ دانەنێین و کەسی تر نەپەرستین. وە بزانین کە ئەو دروستی کردووین و ئەمانژیێنێت و ئەمانمرێنێت و زیندوومان ئەکاتەوە و ئەو خاوەنمانە و ژیانمان بەڕێوە ئەبات. وە باوك و دایکی نییە و ژن و مناڵی نییە. وە بۆیە کەسی تر ناپەرستین چونکە تەنها ئەو خوایە.**

# باوەڕ بە فریشتەکان چۆنە؟

باوەڕ بە فریشتەکان ئەوەیە کە بزانین:

١. فریشتەکان خوای گەورە دروستی کردوون.

٢. لە نوور دروستی کردوون.

٣. نایانبینین.

٤. نە نێرن نە مێ.

٥. گەورەترینیان ناوی (جبریل)ە.

٦. دوو فریشتە لەگەڵ هەموو کەسێکدان کردەوە و قسەکانی ئەنوسن لە لەدایك بوونەوە تا مردن.

# باوەڕ بە کتێبەکانی خوا چۆنە؟

باوەڕ بە کتێبەکان ئەوەیە کە بزانین:

١. خوای گەورە چەند کتێبێکی ناردووەتە خوارەوە بۆ مرۆڤەکان.

٢. لەو کتێبانەی کە خوای گەورە ناردوویەتی: صوحوف، تەورات، زەبوور، ئینجیل.

٣. کۆتا کتێب کە خوای گەورە دایبەزاندووە قورئانە.

٤. قورئان قسەی خوای گەورەیە.

٥. هەموو کتێبەکان جگە لە قورئان دەستکاری کراون و گۆڕدراون.

# باوەڕ بە پێغەمبەران چۆنە؟

باوەڕ بە پێغەمبەران ئەوەیە کە بزانین:

١. خوای گەورە لەناو مرۆڤەکاندا هەندێکیانی هەڵبژاردووە و کردوونی بە پێغەمبەر.

٢. پێغەمبەران هەموویان موسوڵمان بوون.

٣. پێغەمبەران هەموویان ئیسلامیان بۆ خەڵکی ڕوونکردووەتەوە.

٤. باوەڕمان بە هەموو پێغەمبەران هەیە و هەموویانمان خۆش ئەوێت.

٥. بۆیە خۆشمان ئەوێن چونکە خوای گەورە و ئیسلامیان پێ ناساندووین.

٦. بۆ هەموو میللەتێك پێغەمبەر نێردراوە بە زمانی خۆیان.

٧. لەو پێغەمبەرانەی کە خوای گەورە ناردوونی: نوح، ئیبراهیم، موسا، عیسا.

٨. عیسا هێشتا نەمردووە و لە ئاسماندا زیندووە و لە ئاخر زەماندا دێتەوە.

٩. کۆتا پێغەمبەر موحەممەدە.

١٠. دواى موحەممەد هیچ پێغەمبەرێكی تر نایەت و خواى گەورە كەسی تر هەڵنابژێرێت.

١١. كاتێك ناوى پێغەمبەر موحەممەد ئەهێنین سەڵات و سەلامی لەسەر ئەدەین (صلی الله علیه وسلم)، وە كاتێك ناوى پێغەمبەرانی تر ئەهێنین سەلامیان لێ ئەكەین (علیهم السلام).

١٢. موحەممەد صلی الله علیه وسلم لە مەككە لەدایك بووە و لە مەدینە مردووە و نێژراوە.

# باوەڕ بە قیامەت چۆنە؟

باوەڕ بە قیامەت ئەوەیە كە بزانین:

١. هەمووومان ئەمرین.

٢. لە قیامەتدا خواى گەورە هەمووومان زیندوو ئەكاتەوە.

٣. خواى گەورە لێپرسینەوە و حسابمان لەگەڵدا ئەكات و كردەوەكانمان ئەكرێنە تەرازووەوە، لایەكی تەرازووەكە چاكەكانمانی تیایە و لاكەی تر خراپەكانمان.

٤. خـوای گـەورە ئـەو موسـوڵمانانە ئەخاتـە بەهەشـتەوە بـۆ هەتاهەتایـە کـە چاکەکانیان لـە خراپـە زیـاترە و، کافرەکـانیش ئەخاتـە جەهەننەمـەوە بـۆ هەتاهەتایە.

٥. ئـەو موسـوڵمانانەی کـردەوەی خراپیـان زۆرتـربێـت لـە چـاکەکانیان ئـەوا بەپێی گوناحەکانیان ئەخرێنە جەهەننەمەوە و دواتر ئەچنە بەهەشـتەوە بـۆ هەتاهەتایـە. وە لەوانەشـە خـوای گـەورە لێیـان خۆشـبێت و بـێ ئـەوەی بچنە جەهەننەمەوە بچنە بەهەشتەوە بۆ هەتاهەتایە.

٦. هەرکەس لە دنیادا ئازاری خەڵکی دابێت یـان جنێـو و بوختـانی بـۆ خـەڵك کردبێت یان زوڵمی لێیان کردبێت و تۆبەی نەکردبێت، لە قیامەتا خراپەی ئەوان ئەدرێت بەم و لە چاکەی ئەم ئەدرێت بەوان.

# باوەڕ بە قەدەر چۆنە؟

باوەڕ بە قەدەر ئەوەیە کە بزانین:

١. خوای گەورە هەموو شتێك ئەزانێت کە لە ڕابـردوودا ڕوویـداوە، وە ئـەوەش ئەزانێت کە ئێستا ڕوو ئەدات، وە ئەوەی لە داهاتووش ڕووئەدات ئەیزانێت.

٢. خوای گەورە فەرمانی بە قەڵەم کرد هەموو ڕووداوەکان بنوسێت کە تا قیامەت ڕووئەدەن.

٣. خوای گەورە ویستی لە هەرچی بێت ڕوو ئەدات، وە ویستی لە هەرچی نەبێت ڕوونادات.

٤. خوای گەورە هەرشتێکی ویستبێت دروستی کردووە و هەموو شتێك دروستکراوی ئەوە.

٥. ئەبێت هەوڵی خۆمان بدەین کە کاری چاکە بکەین و خۆمان لە تاوان بپارێزین، وە هەوڵی بەدەستهێنانی رزقمان بدەین بە حەڵاڵی و پاڵ نەیەینەوە و بڵێین خۆ هەموو شتێك بڕاوەتەوە.

# بنەماکانی دین چین؟

**کۆمەڵێك زانیاری سەرەتایین کە ئەبێت بیانزانین:**

١. الله دروستکەری گەردوون و مرۆڤ و هەموو شتێکە.

٢. الله تەنها خۆی خوای ڕاستەقینەیە و بەس ئەو شایەنی پەرستنە.

٣. دینمان ئیسلامە، وە هەموو دینەکانی تر بەتاڵ و درۆن.

٤. موحەممەد پێغەمبەرمانە.

٥. قورئان کتێبمانە.

٦. قورئان قسەی خوایە.

٧. سوننەت قسەی پێغەمبەرە.

٨. دینمان لە قورئان و سوننەتەوە وەرئەگرین.

٩. دین لە ڕێی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە تێئەگەین.

١٠. هاوەڵی پێغەمبەر ئەو کەسەیە کە بە پێغەمبەر گەشتووە بە ئیمانداریی و بە موسوڵمانی مردووە.

١١. هاوەڵانی پێغەمبەرمان خۆشئەوێت و داوای ڕەزامەندی خوایان بۆ ئەکەین.

١٢. باشترینی هاوەڵان: ئەبو بەکر پاشان عومەر پاشان عوسمان پاشان عەلییە.

١٣. لەگەڵ قورئان و سوننەتدا نابێت پێچەوانەی کۆڕاش بین.

١٤. کۆڕا یەکدەنگی زانایانی ئیسلامە لە بابەتێکی دیندا لە سەردەمێکدا.

١٥. موسوڵمان ئەو کەسەیە کە بەس خوا ئەپەرستێت و باوەڕی بە موحەممەد هەیە و نوێژ ئەکات.

١٦. ئیماندار ئەو کەسەیە کە ئەوە ئەکات خوا فەرمانی پێ کردووە، و واز لەوە ئەهێنێت کە خوا قەدەغەی کردووە.

١٧. چاکەکار ئەو کەسەیە کە هەست بە چاودێری خوا ئەکات بەسەریەوە.

١٨. کافر ئەو کەسەیە کە لەسەر دینی ئیسلام نییە.

١٩. خوای گەورە بۆ پەرستنی خۆی دروستی کردووین.

٢٠.تەنها خوای گەورە غەیب ئەزانێت.

٢١. هەموو مرۆڤەكان ئەچنەوە سەر یەك دایك و باوك كە ناویان (ئادەم) و (حەوا)یە.

٢٢.لە قیامەتدا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم حەوزی هەیە و ئیمانداران لێی ئەخۆنەوە و ئیتر دوای ئەوە قەت تینویان نابێت.

٢٣.لە قیامەتدا لەسەر جەهەننەم پرد دائەنرێت و هەموو خەڵك بەسەریدا ئەڕۆن، ئیمانداران لێی ئەپەڕنەوە بۆ بەهەشت و جەهەننەمییەكانیش لێوەی بەرئەبنەوە بۆ ناو جەهەننەم.

٢٤.جنۆكە دروستكراوی خوان لە ئاگر دروست بوون، نایانبینین، وە لێیان ناترسین. موسوڵمان و كافریان هەیە. وە جیان لە فریشتە.

٢٥.بەرزەخ ژیانی ناو گۆڕە كە تیایدا ئەژین دوای مردن و پێش زیندوو بوونەوە. موسوڵمان تیایدا ئیسراحەتە و كافر عەزاب ئەدرێت.

٢٦.لەناو قەبردا سێ پرسیارمان لێ ئەكرێت: كێ خواتە؟ دینت چییە؟ كێ پێغەمبەرتە؟

٢٧.وەڵامیان بریتییە لە: خوام الله یە، دینم ئیسلامە، پێغەمبەرم موحەممەدە.

**كتێبی ئیمانمان تەواوكرد، سوپاس بۆ خوای گەورە**

**أحمد كوردی || سلێمانی**

**١٩/ شوال/ ١٤٤١ || ١١/ ٦/ ٢٠٢٠**

**الحمد لله بە ڕۆژێك و لە ماوەیەكی كەمدا تەواومكرد لە دوای نوێژی نیوەڕۆوە بۆ پێش نوێژی مەغریب. وە زۆربەیم لە بەشی یەكەمی كتێبی (تعلیم الأطفال الإسلام / محمد بن شمس الدین)، وەرگرتووە، خوا بیپارێزێت و موەفەقی بكات و لە تاوانی خۆی و دایك و باوك و مامۆستاكانی خۆشبێت. وە لە تاوانی من و تۆش خۆش بێت و عاقیبەتمان خێربكات خوێنەری بەڕێز.**

**وە خۆم ویستم نوسینەكە چەند پەڕەیەك بێت تا إن شاء الله زۆرترین كەس بیخوێنێتەوە. وە بۆیە هیچ دەقێكی قورئان و فەرموودەم وەك بەڵگە نەهێنایەوە لەسەر بابەتەكان، دووبارە تا نوسینەكە درێژ نەبێت و، ئەمە وەك یەكەم هەنگاو بێت بۆ شارەزابوونی بابەتەكان، وە خوێنەر دواتر لە جێگەی تردا بەدوای بەڵگەكاندا بگەڕێت، خۆی قورئان بكاتەوە و دڵنیاببێتەوە، خۆی سەرێك لە صەحیحی بوخاری و موسلیم بدات و ببینێت.**